# عێراقیزەکردنی جەنگ

بەختیار کەریم

"هەتا سوپای باشوری ڤێتنام بەهێزتر بێت، ڕێژەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا زیاتر دەبێت."
ڕیتچارد نیکسن، 1969، لە پرۆژەی ڤێتنامیزەکردنی جەنگی ڤێتنامدا.

"کاتێک هێزەکانی سوپای عێراق چالاک دەبن، هێزە هاوپەیمانەکان سست دەبن."
جۆرج بوش، 2006، لە پرۆژەی عێراقیزەکردنی جەنگی عێراقدا.

لە عێراقیزەکردنی جەنگ مەبەست ئەو چەمکەیە کە لەم دواییانەدا بۆ پرۆسەی بەهێزکردن و چالاککردنی سوپای عێراق بەکاردێت. ئامانجی عێراقیزەکردنی جەنگ بەهێزکردن و مەشق پێکردنی سوپای عێراقە بەو ئومێدەی ئەم سوپایە بتوانێت سەربەخۆ جەنگی دژەتیرۆر بەڕێوەببات. ئەم پرۆسەی عێراقیزەکردنەی جەنگ لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەی هەمان پرۆسەی ڤێتنامیزەکردنی جەنگی ڤێتنامە لە سەردەمی بەڕێوەبەریێتی ڕیتچارد نیکسندا کە بە پاشەکشە لە ڤێتنام کۆتایی هات. نیکسن لەژێر فشاری جەماوەری و نارەزایی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا ناچاربوو ئاراستەی جەنگی ڤێتنام لە جەنگی ڕاستەوخۆی نێوان هێزەکانی ئەمریکا و هێزەکای ڤێتنامی باکورەوە بگورێت بۆ جەنگی نێوان ڤێتنامییە باشوریی و باکورییەکان. پرۆسەی ڤێتنامیزەکردن بەئومێدی بردنەوەی دڵ و هەستی ڤێتنامیەکان دەستیپێکرد و بە کشانەوەی کۆی هێزەکانی ئەمریکا کۆتایی پێهات لە ساڵی 1973دا. پاش دوو ساڵیش کۆنگرێس هەموو یارمەتیەکانی ڤێتنامی باشوری ڕاگرت، هۆکارێک کە چاودێران وەک شکستی سەرەکیی پرۆژەی ڤێتنامیزەکردن دەیبینن.

ئەو ڕیپۆرتانەی لە کۆشکی سپی و پێنتاگۆنەوە دەرخواردی میدیاکان دەدرێن، ئاماژە بۆ هاوشێوەیی ستراتیژی بوش و نیکسن دەکەن. بەڵام کێشەی بنەڕەتی کە تووشی ئەم ستراتیژە دەبێتەوە لەیەکنەچوونی جەنگی ڤێتنام و جەنگی عێراقە. لە ڤێتنام ئەمریکا شەڕی لە دژی گروپێک دەکرد کە مەسەلەی چینایەتی و نەتەوایەتیان بەکاردەهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمریکا و لایەنگرەکانی کە وەک سەرمایەدار و چەوسێنەرەوە بە خەڵکیان دەناساندن، لە ڤێتنام لایەنی دژی ئەمریکا لایەنێکی ماویست بوو کە یارمەتی لە زلهێزەکانی دیکەی جیهانەوە بەدەست دەگەیشت. بەڵام لە جەنگی عێراق، جگە لە گروپی تیرۆریستی ئەلقاعیدە کە گروپێکی تیرۆریستی گەردوونیە و خاوەنی ئایدۆلۆجیایەیەکی گەردوونیە و عێراق بۆ ئەوان جگە لەوەی مەیدانێکی لەبارە

بۆ گورزوەشاندن لە ئەمریکا هیچ بایەخێکی دیکەی نییە، هیچ کام لەو گروپانەی دیکە کە لە دژی ئەمریکا دەجەنگێن نە خاوەنی ئایدۆلۆجیان وەک ماویستەکانی ڤێتنام کە شەڕەکەیان وەک شەڕی چینایەتی لەقەڵەم بدەن، نە خاوەنی ئایدۆلۆجیایەکی ناشیونالیستین تا خۆیان بە کۆی دانیشتوانی عێراق وەک دژە داگیرکەر بناسێنن. بێگومان چەکدارە سوونەکان وەک دژە داگیرکەر و ناشیونالیستی عێراقی خۆیان دەناسێنین، بەڵام نە لەنێو شیعە و نە لەنێو کوردا ئەم گروپانە هیچ بایەخێکییان نییە بگرە وەک تیرۆریست ناسراون. لەڕاستیدا ئامانجی سەرەکی چەکدارە سوونەکان بەدەستهێنانەوەی هەندێک لەو دەسەڵاتەیە کە لەگەڵ ڕوخانی سەدامدا لەدەستیاندا.

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی پرۆژەی عێراقیزەکردن دەبێتەوە بریتیە لە لاوازیی ئەگەری دروستبوونی سوپایەکی نیشتیمانی بەهێز کە بتوانێت شەڕی چەکدارەکانی سوونە و تیرۆریستانی دیکە بکات. دوو هۆکاری سەرەکیی هەن بۆ دروست نەبوونی ئەم سوپا بەهێزە. یەکەم، سوپای عێراقی بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە و مەشق دەکات ژمارەی سوونەکانی ناوی ئەگەرچی نەزانراوە بەڵام ئێجگار کەمە، واتا ئەم سوپایە زۆرینەی سەرباز و ئەفسەرەکانی شیعە و کوردن، ئەمەش دەبێتە هۆی گەلاڵەنەبوونی متمانە لای سوونەکان بەم سوپایە و بەردەوام بوونیان لە پاڵپشتیکردنی گروپە تیرۆریستیەکان بۆ بێهێزکردنی سوپایەک کە لەوە دەترسن لە ئایندەدا بکەوێتە گیانیان. دووەم ئەگەر هەوڵدرا بۆ بەشدارییپێکردنی سوونەکان لەم سوپایەدا ئەمەش دەبێتە هۆی بێهێزکردنی سوپاکە چونکە تیرۆریستەکان بە ئاسانی دەتوانن بخزێنە نێو ڕیزەکانیەوە.

پرۆژەی ڤێتنامیزەکردنی جەنگی ڤێتنام تا ئەندازەیەک سەرکەوتو بوو (تەنها ئەو کاتە شکستی خوارد کە کۆنگریس پاڵپشتی کردنی باشوورییەکانی ڕاوەستاند)، چونکە لە ڤێتنام دوو بەرەی دیاریکراو هەبوون کە لە دژی یەکتر دەجەنگان. ئەمریکا لەڕێگای ڤێتنامیزەکردنی جەنگەوە هەوڵی دەدا شەرعیەت لە نەیارەکانی بسەنێتەوە و هەواداریی زۆرینەی دانیشتوان بەدەستبهێنێت، ئەمەش لەڕێگای گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ حکومەتێکی ڤێتنامی کە بێگومان لایەنگری ئەمریکا خۆی بێت. لە ڤێتنام وەک گووتمان جەنگەکە جگە لەوەی بانگەشەی ئەوە دەکرا کە جەنگی دژە داگیرکەرە، مورکێکی چینایەتیی-نەتەوایەتی پێوەبوو. بەڵام لە عێراق پرۆژەی عێراقیزەکردنی جەنگ دەبێتە هۆی هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ چونکە ئەوانەی لە دژی یەکتر و لە دژی ئەمریکا دەجەنگێن ئەگەرچی بانگەشەی دوژمنایەتی خۆیان بۆ داگیرکەر دەکەن، لەڕاستیدا پاڵنەری سەرەکییان پاڵنەرێکی تایەفی یان ئێتنیکیە. بەواتایەکی تر سروشتی قەیرانەکە وا دەکات کە هەر بەخشینێکی دەسەڵات بە عێراقیەکان خود بەخود بەخشینیەتی بە تایەفە و ئێتنکێکی دیاریکراو. هاوکات گەڕانەوەی هێزی سەربازی گەڕانەوەیەتی بۆ ئەو

لایەنانەی زۆرترین دەسەڵاتیان هەیە لە حکومەتدا و بێبەشکردنی لایەنێکی دیکەیە. هەر کاتێکیش شەڕی ناوخۆ هەڵایسا یەکەم شەڕی قورس لەناو خودی سوپای عێراقدا دەبێت لە نێوان گروپە دژەکاندا.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشێ، ئەگەر بەپێی ئەم تێگەیشتنە بێت ئەمریکا ناتوانێت هێزەکانی خۆی لە عێراق بکێشێتەوە؟ بێگومان کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئێستادا و لە چەند ساڵی داهاتوشدا خێراترکردنی شەڕی ناوخۆیە. ئەمە تەنها ئەو کاتە ڕوونادات کە سیستەمێکی سیاسیی دەستوری دابمەزرێت کە هەموو لایەنەکان پاڵپشتی بکەن و هەوڵی عێراقیزەکردنی سوپا بدەن، ئەمەش شتێکە کە ئێستا بوونی نیە. لە ئێستادا ئەمرکیا بۆ بەرگرتن بە شەڕی ناوخۆ ناچارە تاکتیکی سەربازی خۆی بگۆڕێت نەک پرۆژەی عێراقیزەکردن خێراتر بکات، چونکە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا ئەمریکا کۆنترۆڵی کۆی قەیرانەکە لەدەست دەدات. بۆئەوەی ئەمە ڕوونەدات ئەمریکا پێویستە ڕاستەوخۆ بەشداربێت لە شەڕی گروپە چەکدارەکان هاوشان لەگەڵ هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشە سیاسیەکان. بەڵام بەو پێیەی هەڵبژاردنە ناوچەییەکان لە ئەمریکا کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتی بوش دادەنێت، پێناچێت بوش پاشەکشە لە عێراقیزەکردنی جەنگ بکات بگرە بەردەوام دەبێت لە خێراترکردنی ئەم پرۆژەیە کە کۆتایەکەی نە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و نە لە بەرژەوەندیی کۆی ستراتیژی ئەمریکا دەبێت لە عێراق. لە کۆتاییدا عێراقیزەکردنی جەنگ ڕێگەخۆشکردنە بۆ شەڕی ناوخۆ، چونکە هەر پەلامارێکی سوپای عێراق بۆ سەر گروپە چەکدارە سوونییەکان وەک پەلاماری شیعە بۆ سەر سوونە دەبینرێت کە لە بەرامبەردا وەک دەبینین سوونەکان پەلاماری هاوڵاتیانی شیعە دەدەنەوە. بۆیە پێویستە ئەمریکا هەوڵەکانی بۆ کاراکردنی سوپایەکی عێراقی هێور بکاتەوە کە لەسەر هێڵی ئینتیمای تایەفی گەڵاڵە دەکرێت، هاوکات بەردەوام بێت لە بەشداری ڕاستەوخۆ لە مەسەلەکانی عێراقدا بە شەڕی تیرۆریستەکانەوە.

12/04/06